# دەروازەیەک بۆ پەیوەندییە گشتییەکان


## وانەی شەشەم

## ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان (PR)

# ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان:



# وظائف العلاقات العامة بالنسبة للجمهور (الداخلي والخارجي)



# وظائف العلاقات العامة المتعلقة بإدارة المؤسسة



# تویێژینەوە:

- پەیوەندییە گشتیەکان ئاراستەکانی رای گشتی کۆدەکاتەوەو لێی دەکۆڵێتەوە سەبارەت بە جەماوەری دەزگا یان دەستەکە و زانینی راو ئاراستەکانیان.
- هەروەها ئاراستەکانی جەماوەری دەرەکیش دەپێورێ وەك بەشداربووان و بەکاربەران و بازرگانان.
- بۆنموونە، دەکرێ ئاراستەکانی را لەنێوان مامۆستایان و قوتابیان و بەخێوکەراندا بزانرێت
- لەو پرسانە دەکۆڵێتەوەو شیکردنەوە و پوختەکاریان بۆ دەکات بۆ بەڕێوەبەر و دەستەی باڵا.

- پەیوەندیە گشتییەکان لە رێگەی تویژینەوەوە  گرنگی دەدات بە بنەما هونەریەکانی و شیکردنەوەی ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی وەك رۆژنامە و ئیزگە و تەلەفزیۆن و سینەما.
- کار دەکات بۆ  هەڵسەنگاندنی ئاستی سەرکەوتنی هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن کە پێشکەشی دەکات بەمەبەستی زانینی کاریگەری هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندن،
- سەرەڕای ئەو توێژینەوانەی کە باس لەو پێشکەوتنە دەکات کە بەسەر پەیوەندییە گشتییەکاندا دێت.

# پلاندانان:

- پەیوەندییە گشتییەکان نەخشەی سیاسەتی گشتی دەزگاکە و نەخشەی سیاسەت و بەرنامەی تایبەت بە پەیوەندیە گشتییەکان لەچوارچێوەی سیاسەتی گشتی دەزگاکە و پلانەکانیدا دەکێشێت.
- لەڕوانگەی ئەو توێژینەوەو لێکۆڵینەوانەی کە ئەنجامی دەدات، وێڕای دەستنیشانکردنی ئامانجەکان و جەماوەرە ئامانجدارەکە
- پڕۆگرامەکانی ڕاگەیاندن دادەڕێژێت، لەڕووی کات و دابەشکردنی پسپۆڕییەکان بەسەر شارەزایان و دیاریکردنی بودجەیەکی ورد بۆی. کە یارمەتیدەرە بۆئەوەی سیاسەتی گشتی دەزگاکە هەموار بکرێت.
- سیاسەتەکانی کۆمپانیاکە بۆ جەماوەر باس دەکات، یان هەر هەموارکردن یان گۆڕینێك بەمەبەستی پەسەندکردنی و هاوکاریکردن.

# پەیوەندیکردن (Communication):

- کۆمونیکەیشن واتە جێبەجێکردنی پلانەکان و پەیوەندیکردن بە جەماوەری بە ئامانجکراوەو دیاریکردنی ئامرازە گونجاوەکان بۆ هەر جەماوەرێك و سازدانی کۆنگرەکان و بەرهەمهێنانی فیلمە سینەماییەکان و وێنە و توێژەکان و پارێزگاریکردن بە کتێبخانەیەك کە داتا مێژووییەکان لەخۆدەگرێت .

- سازدانی ئاهەنگ و ئامادەکردنی فیستیڤاڵ و پیشانگاو یارییە جیاوازەکان و ڕێکخستنی کۆڕو وانەکان و لێدوان و سیمینارەکان.
- دەزگای پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی کارگێڕی هەیە، کە خزمەتگوزاری بۆسەرجەم کارگێڕییەکانی تر پێشکەش دەکات و یارمەتییان دەدات بۆئەوەی ئەو ئەرکانە رابپەڕێنێت کە پەیوەندی بە جەماوەرەوە هەیە
- وەک هەڵبژاردنی فەرمانبەرو کرێکارەکان و مەشقپێدانیان و پێداچوونەوە بە ئامرازەکانی هاندان و پلە بەرزکردنەوەیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان و ئامادەکردنی ئەوەی پێویست دەکات بە بایەخدان بە تەندروستیان و وەرزشیان و ڕۆشنبیرییان.

- ئەركی بەشی فرۆشتن ئاسان دەكات لەدروستكردنی پەیوەندی باش لەگەڵ دابەشكەران و بەكاربەران، لەرێیگەی زانینی ئاراستەكانی جەماوەر بەرەو ئەو كاڵا یان خزمەتگوزاریانەی كە دەزگاكە یان دەستەكە بۆ كڕیارەكانی بەرهەمی دەهێنێت یان پێشكەشی دەكات.
- ئەركی كارگێڕی دادوەری ئاسان دەكات، لە خستنەڕووی راستییە پەیوەندیدارەكان بە رای گشتی.
- بەشداری دەكات لەئامادەكردنی راپۆرتي ساڵانە لەبارەی دارایی دەزگاكە .
- یارمەتی كارگێڕی كڕین دەدات لە دروستكردنی پەیوەندی باش بە بریكارەكانەوە
- كار دەكات بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەكان لەگەڵ دەزگاو كۆمەڵەكانی دیكە، لەرێگەی ئەو چالاكییانەی كە سوودی هاوبەشیان هەیە
- یارمەتی جەماوەر دەدات بۆ دروستكردنی رای خۆی.

# هەماهەنگی

- پەیوەندییە گشتییەکان کار دەکات بۆ هەماهەنگیکردن لەنێوان کارگێڕییە جیاوازەکان بەمەبەستی وەدیهێنانی لێکگەیشتن لەنێوانیاندا.
- کار دەکات وەك ئەڵقەیەکی پەیوەندی و ئامرازێکی هەماهەنگی لەنێوان فەرمانبەران و کەسایەتییە جیاوازەکانداو لەنێوان ئاستە نزمەکان و ئاستە باڵاکاندا.
- هەماهەنگی دەکات لەنێوان کارگێڕی بازاڕگەری و بەکاربەرانداو کارگێڕی کڕین و دەزگاکە و پشك هەڵگرانی

# هەڵسەنگاندن:

- هەڵسەنگاندن:
- مەبەست لێی پێوانی ئەنجامە کردەییەکانی پڕۆگرامەکانی ڕای گشتییە و ئەنجامدانی ڕێوشوێنی دروست بۆ گرەنتی کارایی پڕۆگرامەکان و وەدیهێنانی ئامانجەکانی.

# بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەم

- (PR) ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمە بەدەستەبەرکردنی هۆکاری ماددی و مەعنەوی و زیادبوونی سوودەکان کە بۆ خاوەن کۆمپانیاکە و کرێکارەکانی و بەکاربەرانی بەرهەمەکەی و ئەو کۆمەڵانەی کە کاری تێدا دەکەن دەگەڕێتەوە.
- لەڕێگەی دانانی بەرنامەیەك بۆ چاککردنی کارگە و بەرهەمەکان و دەستبەرداربوونی ئامێرە کۆنەکان و جێیەجێکردنی بەرنامەیەك بۆ دابینکردنی نوێترین جۆری ئامێرەکان.

- کارکردن لەسەر  بەرهەمهێنانی کاڵا نوێیەکان لەنزیکترین کات کە بگونجێت لەگەڵ کۆتایی هاتن بە تاقیکردنەوە پێویستییەکان و سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی کارە نووسینگەییەکان و زیادبوونی دەرچەکانی دابەشکردن.
- پەیوەندییە گشتییەکان ئامانجی دروستکردنی پەیوەندی دۆستانەیە لەگەڵ بەشداربووواندا.

## ئەو ئامرازانەی (PR) بەکاریان دێنێ بۆ زانینی خواستی جەماوەر:

- کۆبوونەوەی کۆمەڵە گشتییەکان
- گفتوگۆی بەشداربووان کە بۆ کارگێڕی کۆمپانیاکەی دەنێرن. دەکرێت زۆر لە ئارەزوو و رایەکانیان بزانرێت .
- هەندێ کۆمپانیا پەنا دەبات بۆ بەدواداچوونی راو ئارەزووی بەشداربووان لەڕێگەی ناردنی لیستێك بە پۆستەدا کە چەندین پرسیار لەخۆدەگرێت بۆئەوەی وەڵام بدرێتەوە.
- یان دەکرێ ئەم پرسیارانە لەڕێگەی راسپێراوانی بەشی **(PR)** ئاراستە بکرێن، لەڕێگەی چاوپێکەوتنێکی کەسییەوە بۆ سامپڵێک.

- **(PR)** کار دەکات بۆ گەشەپێدانی هەستکردن بە بەرپرسیارییەتی کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی لای جەماوەر و یارمەتیدانیان بۆئەوەی بەرپرسیارێتی هەڵبگرن لەنەخشەکێشانی سیاسەتی گشتی رێکخراوەکە چارەسەرکردنی کێشەکەی